کێشەی کورد و دۆزی دیموکراسی

دوکتۆر عەبدوڵا ئەبریشەمی

چەشنە دەسەڵاتێکی پاوانخوازو داسەپاو کە ڕێزێك بۆ یاساو ڕای خەڵك دانانێ، بنەمای ئاڵۆزی سنوورەکانی دیموکراسین.

مێژووی گەلانی پێشکەوتوو نیشاندەدا کە گەلان قەت نابێ لەئاست مافی دەسەڵاتی خۆیان بێدەنگ بن. بڕیارە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤیش حەقی ئیعترازیان بە گەلان داوە تا لەبەرامبەر دەستدرێژی دەوڵەتو گشت دەسەڵاتێکی دوور لەیاسا کە مافی خەڵك پێشێل دەکەن، وەدەنگ بێن. پاراستنی مافی مرۆڤ ئەمڕۆ لەوڵاتانی پێشکەوتوودا، ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکان، خەڵکو کەسایەتییەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لەدەستدرێژی بنکەکانی دەوڵەتو هەر چەشنە دەسەڵاتێك بەشێوەی مەدەنیو هێمنانە تێدەکۆشن. بەخۆشییەوە وا دیارە تووندوتیژی دەسەڵاتو خەڵك، بەرەو نزمبوونە.

ب/ کێشەی کورد و دەسەڵات

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بەرچاوە. بەوردبوونەوە لەکێشەی گەلی کوردیش بۆمان دەردەکەوێ کە "نەبوونی" دیموکراسی لەم وڵاتانەدا هۆی بنەڕەتی ئەو کێشەیەیە. لەم وڵاتانەدا گەلی کورد بەتایبەتو گەلانی تر بەگشتی، مافیان پێشێل دەکرێ. ئەو مافانەی لەبڕیارە نێونەتەوەییەکاندا بەمافی مرۆڤ ناسراون، ڕێزیان لێناگیرێ. بۆیە بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین: هەوڵو هەنگاو بۆ ڕزگاری گەلی کورد، بەڕەپێدانی دۆزی دیموکراسی لەم ناوچەیەیە. گەلی کوردیش پێویستە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە خۆی تەیار بکاو ڕۆشوێنی دیموکراسی فێربێ. دیارە کە ڕۆشنبیرانو ڕێکخراوەکان دەبێ پێشاهەنگ بن.

کورد و دۆزی دیموکراسی

تا ئێمە نەتوانین لەنێو خۆماندا دۆزی دیموکراسی پەرەپێبدەین، ناتوانین بەهیوای ڕزگاربوون بین، بەڵام بۆ دامەزراندنو باوبوونی دیموکراسی، پێوستیان بە دواکەوتنو فێربوون هەیە. دیارە ئەو کارەش زۆر درێژخایەنە. دیموکراسی بەقسەو دروشم پێکنایە، بەڵکو پێویستە لەنێو ڕۆشنبیرانو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردو جەماوەردا بەکردەوە پەروەردە بکرێ. ڕێکخراوە سیاسییەکانیش زۆرتر بایەخ بە دیموکراسی بدەن. بەخۆشییەوە کورد ئامادەییەکی زۆری بۆ ڕەچاوکردنی دیموکراسی هەیە. پێویستە بزانین جگە لەخۆمان کەس بۆ ئەو مەبەستە یاریدەمان نادا. ئەگەر حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکان لەدۆزی دیموکراسی دوورکەونەوە، دەبنە لەمپەری ڕزگاری گەلی کورد.

کورد و شۆڕشگێڕی و سیاسەت

پێویستە بزانین ئەوڕۆ زۆر دژوارە کۆمەڵگەیەک بەکردەوەی توندوتیژ لەژێر دروشمی شۆڕشگێڕانەدا بە ڕزگاری بگات. وەك دەزانین دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کورددا زۆر بەهێزنو تا بڵێی بێبەزەیین. هێزی کوردان لەچاو هی ئەو دەوڵەتانە، دەحیساب نایە. بۆیە تا ئێستا کورد بەتوندوتیژی جگە لەزیانو پەڕشو بڵاوبوون چ ئاکامێکی لە خەبات وەدەست نەکەوتووە. بەوردبوونەوە بۆمان دەردەکەوێ لەمەودای سیاسی ئەوڕۆدا زۆر کێشە دواییان پێدێ. وەك قاوە، دەڵێن: "کەڵ بەمووی بەندە!" ئەوەی بەسیاسەت دەکرێ، بەشۆڕشگێڕیو تووندوتیژی ناکرێ.

خەباتی چەشنی نوێ

مێژوو نیشان دەدا دیموکراسی دوای شۆڕش دانامەزراوە. چ شۆڕشگێڕێك بەدوای دیموکراسییەوە نییە. ئەگەرچی دروشمی خەباتیشی دیموکراسی بووبێ. هیچ جوواڵانەوەیەکی نوێیش بەبێ ئەزموونی هەڵسەنگاندنی بیرو کردەوەکانو ڕەخنە لەخۆگرتن، نەدیتراوە. لەدنیای ئەوڕۆدا ڕێبازی پێشکەوتنی هەر تاك، دانراوەو ڕێکخراوەیەکی دیموکراتیکو نوێخواز، هەڵسەنگاندنی بیرو کردەوەکانو ڕەخنەلەخۆگرتنە. ئەگەر هەڵسەنگاندنی بیرو کردەوەو ڕەخنە لەئارادا نەبێ، بیرو کردەوەی چەوت دووپاتدەبێتەوە. ئاکامی ئەو کارانەش لەناوچوونی ڕێکخراوەو بەفیڕۆچوونی خەباتە.

قسەی دوایی

ئەگەر کورد ئەوڕۆ شارەزای دۆزو ڕێبازی دیموکراسی نەبێ، دواڕۆژ وەك زۆر گەلانی تر دووچاری لێکدابڕانو پێکهەڵپژان دەبێ.

گەندەڵی ئیداریو سیاسییەکان بکەین گەلێك زۆرنو نازانم لەکوێوە دەستی پێبکەم، بەڵام تەنها چەند شتێك باس دەکەم کە ڕۆژانە هاوواڵتیان لەدامودەزگاکانی دەوڵەت تووشی ئەو گیروگرفتانە دەبنەوە کە زۆری وا هەیە هەر لەبەیانی تاکونیوەڕۆ چاوەڕوانی وەڵامەو یاخود ئیشەکەی بۆ بکەن یان تەنها چەند شتێکی دیکە کە دەیەوێ قسە لەگەڵ کاربەدەستەکە بکات، بەڵام زیاتر مەبەستم ئەوەیە کە هاوواڵتیان بیانەوێ لەجێگایەك دابمەزرێن وەکو کارمەند، لەهەر بواریك ئەوە بەبێ سێو دوو دەبێ کەسێك پاڵپشتیان بێت، واسیتەی بۆ بکات تاکو لەئیشەکەی دایبمەزرێنن خۆ ئەگەر ئەو هاوواڵتییە شایەنی ئەوە بێ کە کارەکەی بۆ دەکەن ئەوە هەرباشە، بەڵام ئەوانەی کە شایەنی ئەوە بن هەژارو دەست کورتبن یاخود خەڵکانێکی پاك و بێگەردبن خزمەتی ڕژێمی بەعسیان نەکردبێ. پێشمەرگەی دێرینبن، یان خانەوادەی شەهیدبن ئەگەر کەسێکی کاربەدەست یان پاڵپشتێکی گەورەی نەبێ کە پێی دەڵێن (واسیتە) ئەوە ئەو جۆرە خەڵکانە کە لەپێش هەموو کەسێك پێویستن، بەڵام بۆیان ناکرێ بەهیچ شێوەیەك ڕابردووی چاك دەوری هیچی نیە. بە پێچەوانەی ئەوە ئەگەر خەڵکانێك لەدامودەستەی ڕژێمی بەعس کاریان کردبێ، یا خەڵکیان ئەزیەت دابێ باشترین خەڵکیش بن مەرجی واسیتەیان هەبێ ئەوە بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەك وەردەگیرێن و ڕیزیان لێدەگرن. ئەوەتا بەچاوی خۆم دەبینم هاوواڵتیانی گەلەکەم گەلێك گللەییو گازاندەیان هەیە کە سەرەڕای ئەوەی خزمەتیان هەیە هیچیان بۆ نەکراوە لەبەر ئەوەی پاڵپشتیان نیە. جا ئومێدەوارم لەمەودوا هەر ئیشو کارێك بەهەقی خۆی بێ نەك لەڕێگەی خزمایەتی یان حزبایەتیو ناوچەگەڕێتی نەبێتو ریشوەو واسیتە نەمێنێ.

osmansheida@hotmail.com

تکایە واز لەواسیتە بێنن

عوسمان شەیدا/ کەنەدا

لەبارەی باسەکانم من نامەوێ لەشتێ بدوێم یاخود قسە بکەم کەپێچەوانەی هەڵوێستی گەلەکەم بێت. من هەموو کات هەستم بەوە کردووە کە لەگەڵ ئێش و ئازاری گەلی کوردبم و بتوانم شتێك پێشکەشی نەتەوەکەم بکەم، جا با بەکەمترین خزمەتیش بێت. کاتێ کە ڕەخنە دەگرم لەکەسێك یاخود لەدەوڵەت یان هەر بابەتێکی تر ئەوە بێگومان هەڵە بەچاوی خۆم دەبینمو حەز بەڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە دەکەم. تاوەکو هاوڵاتیانی خۆشەویست تووشی گیروگرفت نەبنو وەکو هاوڵاتیانی گەلانی دیموکراسی بە ئازادیو سەرفرازی و بێ کەموکورتی بژین، بەڵام خۆ بێدەنگ کردنو چاو پۆشین لەهەڵەکانی دەوڵەتو سوورنبوون لەپەرەپێدانی گەندەڵی ئیداری و خراپەکاری بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە مایەی ئاش بەتاڵی لەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، تەنها دەبێتە قازانجی ئەو جۆرە کاربەدەستانە کە هەستی نەتەوایەتیان زۆر کزەو یاخود هەر نیانە بەداخەوە. ئەگەر باسی

کەرکوك لەسیاسەتی کۆن و نوێدا

مامۆستا : نەوزاد حسێن

لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا پارچە زەوییەکی بەپیت هەبووبێ، دەسەڵاتدارو بەهێزەکان بێ گوێدان بەخاوەنو نیشتەجێکانی ئەو شوێنە هەوڵی داگیرکردنیان داوە، (جان چاك ڕۆسۆ) دەڵێ: لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ تووانی سنوورێك بۆ زەوییەك بکێشێتو بڵێ ئەوە هەین منە ئەوە بنیاتی سیستەمی ملکایەتیو داگیرکاری ناوە.... داگیرکاریش بەم شێوەیەی کە لەڕۆژهەڵاتو بەتایبەتیش لەعێراقدا باوە، هێزێکی چەوسێنەرو خاوەن دەسەڵاتێکی بێ وێژدان بووە، یاسای دارستانو عەشیرەتی پیادەکردووە، ئەم میراتەش بەدرێژایی مێژووی عێراقی نوێی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەنێوان دەسەڵاتدارە عەرەبەکاندا دەس بە دەس وەکو تەریقەت بۆ یەکتریان جێهێشتووە. لەم کەنو بەینەشدا زەرەرمەندترینو زوڵم لێکراوترین کەس نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان بووە. خۆش بەختی کوردە کە خاوەنی خاك و وڵاتێکی پڕ لەسامانی سروشتی سەر زەمینو ژێرزەمینییە، بەڵام بەدبەختییەکەشی لەوەدایە هەمیشە لەژێر چەتری داگیرکەراندا ژیانی بەسەر بردووە.. یەکگرتن، داگیرکەرانی کوردستان لەخاڵی هاوبەشی، لەناودانی نەتەوەی کورد، کلکایەتیو خیانەتی هەندێك لەکوردەکان، تەماعی لەبن نەهاتووی ئیستعمارەکان لەسامانی نەوتی کوردستانو بەتایبەتیش چاڵە نەوتیەکانی بابا گورگورو بای حەسەنی پارێزگای کەرکوکو نەوتخانەی خانەقین، هۆکاری زۆر گرنگن بۆ شکست پێ هێنانی شۆڕشەکانی کورد..

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لەعێراق، لەساڵی ١٩٦٣ بەدواوە دەسەڵاتدارانی عێراق زۆر بە گەرمی دەستیان کرد بەجێبەجێ کردنی سیاسەتی گۆڕینی نەتەوەیی لەشاری کەرکوکو شوێنە نەوتییەکانی دیکەی کوردستان. ئەو سیاسەتە بوو بەڕێبازێك بۆ بەعسیەکان کە دواتر بەدڕندەترین شێواز مامەڵەیان لەگەڵ نەتەوەی کوردو شاری کەرکوکدا کرد. سەرەتا فشارێکی زۆریان خستە سەر هەزاران خێزانی کورد، لەشوێنەکانی خۆیان ڕایانگواست بۆ سنوری پارێزگای هەولێرو سلێمانی دوایش لەو ژمارەیە زیاتر خێزانی عەرەبی لەباشووری عێراقەوە هێنا بۆ ئەو شارەو شوێنی نیشتەجێو کاری بۆیان دابین کرد. زۆربەشیانی لەدەزگاکانی پۆلیسو ئەمنو مخابەرات دامەزراند، ئەمە سەرەڕای دەرکردنو لەکارخستنی فەرمانبەرە کوردەکان لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوکو دامەزراندنی ئەو عەرەبە هاوردانە لەشوێنیان. هەروەها بۆ لێدانو تێکدانی قەڵای شۆڕشو پێشمەرگەو لاوازکردنی ئابووری کوردستان سیاسەتی سووتماککردنی کوردستانی پیادەکرد، بەپێی ڕاپۆرتی دووەمی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەساڵی ١٩٩١، تەنها لەنێوان ساڵی ١٩٧٠– ١٩٩٠دا ڕژێمی بەعس (٧٣٢) گوندی لەپارێزگای کەرکوك ڕووخاندووە، کە ٤٩٣ قوتابخانەو ٥٩٨ مزگەوت و ٤٠ بنکەی تەندروستیو ٣٧٬٧٢٦ خێزانی تیابووە. لەناو شارەکەشدا هەموو مافێکی زەوی کڕینو خانووکڕینو تازەکردنەوەی لەکورد سەندبۆوەدیان جادەی بێ سوودی لەناوچە کوردییەکانی ئەو شارە دروست دەکرد لەپێناو ڕووخانی ماڵەکانیانو دەرکردنی خێزانەکان بەرەو باکوری عێراق بەبێ هیچ بژاردنو یارمەتی دانێك لەو شارە.. گۆڕینی ناوە کوردییەکانی ئەو شارە بۆ ناوی عەرەبی وەکو (تەئمیم، حی کەرامە، موسەنا، بەعس، ئەندەلوس، غرناتە.... هتد) ئەو ناو گۆڕینە شمولی زۆر شوێنی دیکەی کوردستانی کردبوو، ناوێکی عەرەبی نزیك ناوە کوردییەکەیان دەدۆزییەوە بۆ ئەو شوێنە بۆ نموونە (حەفت تەغار) کرابوو بە (ئیفتیخار) یان (دوبز) کرابوو بە (دبس).. جگە لەوانە دابڕانێکی زۆری ئەنجامدا لەنێوان کەرکوکو کۆمەڵێ قەزاو ناحیەی ئەو شارە وەك (چەمچەمال، کەلار، کفری، دوزخورماتوو،.... هتد). کە خرانە سەر پارێزگای سلێمانیو باقوبەو تکریت.

کاول کاریو ڕاگوێزانو بەعەرەبو بەعسیکردن گەیشتە لوتکەی دڕندایەتی خۆی لەپرۆسەو شالاوی بەدناوی (ئەنفال)و کیمیاباران بینیەوە. ئەویش بەدەرکردنی بڕیارێك کە لە (مجلس قیادە الپورە) وە بۆ ئەو مەبەستەو دانانی عەلی حەسەن مەجید بەسەرپەرشتی، جێبەجێ کردنی بڕیارەکە.

ئەوە ڕەفتارو سیاسەتی بەعس بوو لەگەڵ کورددا کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی شۆڤێنیترین نەتەوەو ئایینی ئەم زەمینەبوو پیادەی کرد بەڕامبەری. کەچی لەدوای ڕووخانی ئەو ڕژێمەو دامەزراندنی (مجلس الحکوم)و دەرکردنی یاسای (٥٨) ی عێراقی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، هەر لەگەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ باشوورو شوێنی خۆیانو هێنانەوەی کوردە ئاوارەکانەوە بگرە تا نۆژەن کردنەوەی شارو فەرمانگەکانو دابین کردنی ئەمنو ئاسایشو خزمەتگوزاری، تازە، دکتۆرە سیاسەتمەدارەکەی شیعە بڕیاری دەرکردنو گەڕانەوەی پۆلیسو خەڵکی کورد ئەدات لەکەرکوك.

خەڵکی وایان دانابو شیعە بەهۆی ئەوەی کە ئەوانیش زوڵم لێکراوبوونە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەسۆز دەبن لەگەڵ کورد ژیانێکی خۆش دابین دەکەن بۆیان، بەڵام بەداخەوە لەسیاسەتی هەندێ بڕیاری دڵ ڕەقانەوە لەلایەن هەندێ کەلله ڕەقەوە تووشی تەنگەژەو مەئیوس هاتن... ئێستا کوردەکانی کەرکوك زۆر بەگومانن لەحکومەتی عێراقو سەفیری ئەمریکیو تەنانەت لەهەردوو حزبە گەورەکەی کوردستان، چونکە ئەوان چاك ئەوەیان لێك داوەتەوە ئەم سیاسەتە هەمان سیاسەتو قەوانە کۆنەکەی جارانەو ئیستعماریش هەر ئیستعمارە، بەڵام ئەم جارەیان نوێ خوازو دیموکراتیخوازە، ئینجا خوابکەم لایەنەکانی کوردستان وەکو ئەوان نەبنو ئەوانیش قەوانی کۆن لێ نەدەنەوە، ئەگەر ئەوانیش وابکەن بەلەمەکە تەنیا کەرکوکییەکان نووقم ناکات هەتا هەردوو ئیدارەکە لەگەڵ خۆیدا نەبات.

کورد بووە قوربانی کەرکوك و کەرکوکیش دەبێتە قوربانی ژمارە (٥٨)!!

سالار ڕەفیق حسن

لەدوای ڕاپەڕینەوە کورد لەباشووردا بەئاواتی دێرینی چەند ساڵەی گەشتو حوکمی گەل کەوتە دەست ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی لەبازگەکانی نێوان شارەکان (جیب هوتیك) (وێن رایح) نرایە چاڵ.

کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بەشۆڕش گێڕو نا شۆڕش گێڕەوە ئاشتەواییان دروست کرد. هەتوان بەسەر برینەکاندا کرا، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە. ئەوەندەی نەبرد. کێ بڕکێی ڕێکخراوە کوردی یەکان لەسەر هەیمنەیی دەسەڵاتو سەرەواتی کوردستانو بەفیتی داگیرکەران، بەئاگری شەڕی ناوەخۆ و کوردستانی باشوور لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی کورد دابەش کرا بەسەر دوو دەسەڵاتداو کڵاو قاسم بووە سنوروودیواری بەرلین. لەدەرهاوێشتەکەشیدا جەماوەری کوردستانیش بەسەر دوو حکومەتدا دابەش کرانو کەلتوری ناوچەچێتێ جێی بەهەستی نەتەوایەتی لێڕ کرد بوو، بەمۆدێلێك کە سەرجەم داموددەزگاو شارو گوندو بنەماڵەکانیشی گرتەوە لەبەر ئەوە دیموکراتیەتی تەوافق نەك لەگەڵ حیزبە عێراقییەکان بەشیعەو سوننەوە پێویستییەکی سیاسییە، بەڵکو بۆ چارەسەری وەك یەك نەبوونی ڕێزی کورد پرۆسیسێکی ئەکتیڤو پربایەخە، لەم سۆنگەیەشەوە دەگەیەنە ئەو ڕاستییەی کە (متجانس الجنسیە) لیستی هاوپەیمانی کوردستان تەنها ڕووکەشەو بەڵکو لەهەناوی کۆمەڵدا ئەو درزە چەند گەورەیە لەنێوان کوردێکی بادینانیو کوردێکی هەولێریو کوردێکی کەرکوکیو پەل کوتان بۆ پەرت کردنی هەورامانش..

کەرکوك:

قودسەکەم، دڵەکەم، شارە شڕو شێواوو بێ کەڵکەکەم، کۆڵانی باریکی پڕ قوڕو چڵپاوەکەم، خەڵکە سادەو بێ سەرمایەکەم. ئەزانی ئەو کوردەی لەدوورترین شوێنی ئەم کوردستانە خۆی دەکردە قوربانی. ئێستا تۆی بیرچۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا سنوری بنەماڵەکەی، گوندەکەی، شارەکەی بەهی خۆی دەزانێ نەك کوردستان لەبەر ئەوە خەڵکی کەرکوك بەئاگاوە بڕوانن یەکێتی خۆتان لەدەست نەدەن، ڕێ مەدەن ئەزموونی لێك ترازان و بیماری ئیدارەی هەولێرو سلێمانی بەبیانووی شۆڕش گێڕییەوە درز بخەنە نێوان ڕۆڵەکانتانەوە، ئامانجو ستراتیژتان گێڕانەوەی کەرکوك بێ بۆ باوەشی کوردستان.

هەم ئاهەنگیو پێکەوەژیان زۆر پیرۆزترە لەڕەنگی سوور، سەوز، زەرد، سپی، پارەو زەوی بەڕمی حزبایەتی بڕین مەکەنە جەستەی یەکتری بەگووتەی پێشوونانێ (تامالێ وەستابێ مزگەوت حەرامە) و (سەری خۆشتان خۆتان بیخورێنن).

مادەی (٥٨)

کورد دەڵێ (بەهیوای دراوسێ مالێ بێ شێو سەر دەنێیتەوە) وا ساڵی ٢٠٠٧ هات تۆی کەرکوکی جوان گەڕەکێکت نەخراوەتە سەر هەڕێمی کوردستان چاوەڕێی چیبە؟ حکومەتی یەکگرتووی کوردستان کە عەرەبەکان هەموویان خانووەکانیان دەفرۆشن.

دەرەنجام.....

هەولێر چێتی سلێمانی چێتی دهۆك چێتی کەرکوك چێی بەبێ پەیمانی لۆزان کوردستانی باشووریش کرا بە چوار بەش. داوای دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەم ئەی عەلاوی و ئەی جەعفەری